# دەمی ڕاپەڕینە دەمی ڕاپەڕین

لەداگیرکردنی کوێتەوە گلۆڵەی سەدام و ڕژێمەکەی کەوتە لێژی،ڕۆژ بە ڕۆژ و مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ خێراو خێراتر ڕووەو نشێو دەبوو تا ئەو ڕۆژەی سەری پەیکەرەکەی سەدام پەتکراو بەدەست مناڵانەوە بو بە پەنگ.هەر لەو کاتەوەی گلۆڵەی سەدام و ڕژێمەکەی لە لێژی بوە،هیواو ئومێدی گەلی کورد ئەو گەلەی بە زۆرەملێ ترنجێنراوەتە عیراقەوە ڕوو لە هەوراز بوە،پایزی دکتاتۆری هیوای بەهاری بە گەلی کورد بەخشیوە توانەوەی بەستەڵەکی سوپای ئەنفالچی لێوی کانیە ووشکەکانی تەڕکردەوە.

جێگەی داخە ناکۆکی دەسەڵات خوازانی خۆمان زۆر جار بۆتە پەڵە هەوری چڵکن و بەریان بە تیشکی ڕۆژگرتوەو خۆزگەکانمان کزەڵە بون ئەگەر چی ئەو برینانە زۆر بە سوێن ئەو ڕۆژانەمان بیر ناچێت،ڕۆژێک دادێت ئەو پەڕانە هەڵدەینەوە،بەڵام ئەمڕۆ کاتی خۆ خواردنەوە نیە دەبێ بە ژیری و وریایی بیربکەینەوە لە ئاستی ڕوداودا بین و بەر بە تورەیی و هەڵچون بگرین و تەرزەیەکی نا وەخت چرۆی ئومێد نەوەرێنێت.

ئەمڕۆ کە کاتی نوسینەوەی دەستوری عیراقە، دەبێ هەنگاوەکانمان ڕوەو سەربەخۆیی بە گوڕترو خێراتر بکەین لەو پێناوەشدا دەبێت بڕژێینە سەر شەقامەکان و بە حکومەتی عیراقی بڵێین گەلی کورد دەنگ نادات بە دەستورێ کە جوغرافیای باشوری کوردستان لە زاخۆوە تا حەمرین دان پیانەنێت.

دەنگ نادەین بە دەستورێ کە مافی ڕفراندۆم و دیاریکردنی مافی چارەی خۆنوسینمان پێ ڕەوا نەبینێت.

به سەرانی کوردو پەرلەمانتارانی کورد بڵێین ڕازی نابین بەبێ گەڕانەوە بۆ ئێمە هیچ بڕیارێک بدەن و چارەنوسمان دیاری بکەن.

سەرانی کوردو پەرلەمانی کوردستان بخەینە ژێر پرسیار و پێیان بڵێین دەستوری هەرێم بخەنە بەرچاوی خەڵکی کوردستان و چیدی چاوەڕێ ناکەین.

کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەبێت ئاگاداری ئەو ڕاستیە بن ئەوە ئیتر کاتی خەرمان بەرەکەتەو دەبێ بەشی خۆمان بەرین،بێدەنگیمان ئاگرێکە خەرمانی خەبات و تێکۆشانمان دەسوتێنێت.

بۆ ئەوەی قوربانیەکانمان بەفیڕۆ نەڕوات و مایە پوچ دەرنەچین،پێوەستە خەباتی جەماوەری دەستپێبکەین و پێش وەخت دەنگمان بەرز بکەینەوە لە پاش باران فەرەنجی کەڵکی نیە.

ئێستاش ئەرکی بزوتنەوەی ڕفراندۆمە کە ڕابەرایەتی جەماوەر بکات و شەقامی کوردی بوروژێنێت.

**دەمی ڕاپەڕینە　　دەمی ڕاپەڕین**

هاوڕێ نوری

2005-6-22